# باکوری:
# من و شەماڵ سائب یەک کچمان خۆش دەویست

*هونەرمەند باکوری ناوی تەواوی ئەندریۆس ئیسرائیله له ١٩٢٨/١١/٥لەشاری کۆیە لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەکۆیە تەواو کردووە، دواتر لەبەر نەبوونی قوتابخانەی دواناوەندی، لەهەولێر درێژەی بە خوێندن داوە، لەساڵی ١٩٥٢دەچێتە کۆلێژ لەبەغدا و هەر هەمان ساڵ دەچێتە ئیزگەی کوردی بەغدا و یەکەم گۆرانی (هەی مەلەنگێنەو سوکبن دەی دەی ) لەئێزگەی بەغدا تۆمارکردووە.*

*ئا:رۆشنە عومەر*


*باکوری....سەربردەی ئەم نازناوە چییە؟

باکوری: کاتێك چوومە ئێزگەی بەغدا بە ناوی (ئەندریۆس)چووم. دوای دوو مانگ رۆژێك بەڕێوەبەری رادیۆ "کامل کاکە " بانگی کردم وتی: خەڵك نامەمان بۆ دەنێرن دەڵێن ئەندریۆس کێیە حەز دەکەین نازناوێکی کوردیت بۆدابنێین منیش وتم باش، ئەو کات هونەرمەندەکان بە لەقەب دەناسران یاخود لە چ شوێنێك هاتوون بەناوی ئەو شوێنە دەناسران. منیش دایك و باوکم لەلای تورکیاوە هاتوونەتە عێراق. ئەوەبوو نازناوی "باکوری"یان بۆدانام.

*هەگبەی بەڕێزتان پڕە، بەڵام حەز دەکەین بزانین تا ئێستا چەند گۆرانی تۆمار کراو و تۆمار نەکراوت هەیە؟

باکوری: ئەوکاتەی کە گەڕامەوە کۆیە دابڕام لەگۆرانی گوتن، چونکە هیچ شوێنێك نەبوو گۆرانیەکانم لێ تۆمار بکەم و بڵاویان بکەمەوە، ئەو کات تەنیا لەرێگەی ئێزگەوە گۆرانی تۆمار دەکراو بڵاودەکرایەوە. تەنیا کاتی ئاهەنگی نەورۆز دەمتوانی گۆرانی بڵێم، زۆرجاریش بەبۆنەی نەورۆزەوە لە ئێزگە میوانداریيان دەکردین، ئەو کات گۆرانیەکانم تۆمار دەکردو بڵاو دەکرایەوە. دوای لە ساڵانی هەشتەکان تیپێکم دامەزراند بەناوی "باواجی" کە خۆم سەرپەرشتیم دەکرد، کۆمەڵێك لە گۆرانیەکانم لەسەر کاسێت تۆمار کرد کە تاکو ئێستاش ماومە. دەنا گۆرانی تۆمارکراوم نییە. بەڵام ئێستا بەنیازم دیسان لەگەڵ گروپی باواجی گۆرانییەکانم نوێ بکەمەوە بیکەم بەبەرهەمێك.

*بیستوومانە تۆ بێ عودەکەت هەڵناکەی، هۆی ئەم عەشقە بۆ عود





پایزی ساڵی١٩٥٥، کەمانچە ژەنەکە، قوتابی بەشی ئینگلیزی و هاوڕێم کاك (جەودەت یەعقوب یۆنانە) لەگەڵ تیپی مۆسیقای (دار المعلمین العالیە) لەسەر شانۆی هۆڵی (دار) لە ئاهەنگی یەکتر ناسین دا



شەماڵ سائیب و باکووری و عومەر ڕەزا
لە ئاهەنگی تیپی مۆسیقای مەولەوی لە سلێمانی ١٩٥٨



لە ڕاستەوە: مامۆستا شەفیق سابر، باکوری، مامۆستا سدیق عەبدولقادر
سەیرانی مامۆستا و قوتابیانی (متوسطة)ی کۆیە بۆ هەرمۆتە لە ١٩٥٨/٣/١٣

چییە و عودەکەت بۆتۆ چی دەگەیەنیت؟

باکوری: دەتوانم بڵێم عاشقی عودەکەم بوومە ناتوانم بێ عودەکەم بژیم، چونکە بۆتە هاوڕێیەکی ژیانی ڕۆژانەم.کاتێك لەگەڵ هاوڕێکانم دادەنیشم پێمدەڵێن باکوری شتێکمان بۆ بڵی دەڵێم ناتوانم، چونکە عودەکەم پێ نییە.

*ڕات چییە بەرامبەر بەم هونەرمەندانەی کە ئێستا مەقام دەڵێن؟

باکوری:ئێستا کۆمەڵێك هونەرمەند مەقام دەڵێن، دەتوانم بڵێم ئەوە نابێتە مەقام وتن،چونکە مەقام گوتن چەند بنەمایەکی هەیە.کاتی خۆی کە چووم بۆ ئێزگە تاقییان کردمەوە بزانن دەنگم باشە بۆگۆرانی گوتن یان نا. لیژنەیەك دانیشتبوو یەکێك لە ئەندامانی لیژنەکە هونەرمەند (عەلی مەردان )بوو. کە پرۆڤەم کرد گۆرانیەك و مەقامێکی تاهیر تۆفیقم گووت کە تەواو بووم چووین بۆ لای بەڕێوەبەر لەوێ بەڕێوەبەر بە عەلی مەردانی گوت دەنگی چۆنە؟، گوتی "لەگۆرانی گوتن زۆر باشە، بەڵام بۆ مەقام باش نییە ئامۆژگاری دەکەم کە مەقام نەڵێت. ئینجا سەیری منی کرد و وتی کوڕم تۆ مەقامەکەت باش نەبوو کە وتی گەرتۆ دەتەوێ فێرە مەقام گوتن بی من یارمەتیت دەدەم بۆئەوەی فێربی، چونکە مەقام گووتن چەند بنەمایەکی هەیە ئەوکات دەتوانی مەقام بڵێیت. دەبێت فێر بی گەر، حەز دەکەی من یارمەتیت دەدەم".

*لە یەکێك لە دیمانەکانت باسی ئەوەت کردبوو کە تۆ و شەماڵ سائیب عاشقی یەك کچ بوون، دەکرێ باسی ئەوەمان بۆ بکەیت؟

باکوری :ئەو کچە (فەوزیە محەمەد)یە ئەویش هونەرمەند بوو لەگەڵمان زۆر جوان بوو من خۆشم دەویست لەبەر ئەوەی زۆر جوان بوو، بەڵام شەماڵ لەناخەوە خۆشی دەویست کاتێك دەچووە ماڵی ئەڵماس محەمەد منیش لەبەر شەماڵ دەچووم لەگەڵی، چونکە دەمزانی فەوزیەش دەیەوێ. شەماڵ سایب گۆرانی (هەرێ لەیلێ)ی لەبەر فەوزیە گوت، چونکە شەماڵ پێش ئەوەی فەوزیە ببینێت و گۆرانیەکی هەبوو بەناوی (لەیلێ).

* ڕاستە دەڵێن جەنابتان لەگەڵ ژمارەیەك هونەرمەندی بەناوبانگی عەرەب ئاهەنگتان ساز کردووە؟

باکوری: من لەگەڵ هیچ گۆرانیبێژێکی عەرەبی گۆرانیم نەگوتوە، چونکە ئێزگەی عەرەبی جیابوو لەگەڵ ئێزگەی کوردی دەمناسین،بەڵام گۆرانی و ئاهەنگم لەگەڵ نەگێڕاون. نەك گۆرانیبێژانی عەرەبی تەنانەت لەگەڵ گۆرانیبێژانی کوردیش گۆرانیم نەگوتوە، چونکە ئەو کات قوتابی بووم.

*ئێوە کاتی خۆی سوودتان لە ئاواز و گۆرانی عەرەبی وەردەگرت؟

باکوری: دووجار سوودم لە ئاوازی عەرەبی وەرگرتووە یەکیان گۆرانیەکی (سەباح)بوو کاتێك کە ئەم گۆرانییە دەرچوو زۆر حەزم لێدەکرد بە مامۆستا "مەجید ئاسنگەر"م گوت کەتێکستێکم بۆبنوسێت کردم بەگۆرانی ئەوەی تریشیان هی هونەرمەند"محەمەد عەبدولوەهاب" بوو تێکستەکەی هی "کەریم شارەزا" بوو.لە هەردوو گۆرانیەکە تەنیا سوودم لەیەك کۆپلە وەرگرت . ئەو کات هەموو هونەرمەندەکان سوودیان لەئاوازی عەرەبی وەردەگرت، چونکە ئاوازدانەری کوردی کەم بوو، بەڵام ئێستا گوناحە هونەرمەندەکان سوود لەئاوازی بیانی وەردەگرن، چونکە ئاوازدانەری زۆرباشمان هەیە.

*لە هونەرمەندە نەمرەکان کامیان زیاتر برادەرت بوون؟


باکوری: یادگاریم لەگەڵ هونەرمەندە نەمرەکان هەیە، کاتێك کە چوومە ئێزگەی بەغدا هاوڕێیەتم لەگەڵ هەموویان پەیداکرد وەك "شەماڵ سایب و عەلی مەردان و نەسرین شێروان و تاهیر تۆفیق....." هەموو جار شەوانە دەچووینە ماڵی "ئەڵماس محەمەد و نەسرین شێروان" گۆرانیمان دەگوت و قسەی خۆشمان دەکرد،بەڵام زیاتر لەگەڵ شەماڵ سایب هاوڕێ بووم و یادگاری خۆشم لەگەڵی هەیە.

لە گۆرانیەکانمدا
تەنیا دووجار ئاوازی
عەرەبیم بەکار هێناوە

# بیونسی زۆربەی تەڵاق دراوەکانی کۆکردەوە

سەرەڕای ئەوەی کە بیونسی ئافرەتێکی کامەرانە لە ژیانی خۆیدا و ئێستا لەگەڵ هاوسەرەکەیدا دەژی، بەڵام بیونسی ژمارەیەك لە هاوڕێیانی خۆی ئەوانەی جیابوونەتەوە لە هاوسەرەکانیان کۆکردەوە و ئاهەنگێکی تایبەتی بۆ ساز کردن، لەوانەش بلیك لیڤلی کە لە هاوسەرەکەی جیابووەتەوە و ئەستێرەی بەناوبانگ کیم کاردیشیان.

ئاهەنگەکە بەبۆنەی بلاوکردنەوەی کۆمەڵێك بەرهەمی نوێی لۆرین شوارتزی تایبەت بە زێڕ و بەردە گرانبەهاکان بوو بەناوی 2BHAPPY .





## پاریس هلتۆن شەقام پاک دەکاتەوە

ئەستێرەی بەناوبانگ پاریس هلتۆن بەشداری کرد لە هەڵمەتێك بۆ جوانکردنی شەقامەکان و پاك کردنەوەیان.

ئەم هەڵمەتە بریتی بوو لە دووبارە بۆیەکردنەوەی شەقامەکان دوای ئەوەی بەهۆی زۆربوونی نووسینەکانی سەر ئەم شەقامانە شێوەیان زۆر ناشیرین ببوو سیمای لۆس ئەنجلۆسی تێکدا بوو، هەر بەم بۆنەوەیەوە پاریس داوای لە هەموو هونەرمەندان کرد کە هەمان هەنگاو بنێن بۆ پاك راگرتنی شارەکەیان، هەروەها داوای لەو کەسانە کرد کە ئەم کارە دەکەن چیتر سیمای شار تێك نەدەن.

تۆ بڵێی هونەرمەندانی ئێمەش هەمان کار بکەن ..

## شوێنی لیندسی

بریار وابو ئەستێرەی سینەمای ئەمریکی لیندسی لۆهان رۆڵێك بگێڕێت لە فیلمی (ئەنفرنۆ) کە باس لە ژیانی هونەرمەندی کۆچکردوو لیندا لۆ فلایس دەکات، بەڵام لەبەر ئەو گرفتە بەردەوامانەی کە لە ماوەی رابردوو دووچاریان بۆوە، دواتر رۆڵەکە سپێردرا بە ئەکتەری کەنەدی مالین ئەکیرمان.

ماڵپەری بیبۆل لەم بارەیەوە رایگەیاند کە سەرپەرشتیارانی فیلمەکە ماوەیەکی زۆر چاوەڕێی لۆهانیان کرد تاکو بتوانێت ئامادە بێت لەکاتی وێنەگرتنی فیلمەکە، بەڵام لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆرە لە بنکەی دووبارە شیاندنەوەیە بۆ چارەسەرکردنی لە ماددە هۆشبەرەکان و خەریکی چارەسەرکردنی کێشەکانی بوو لە دادگا و کاتی فیلمەکەش زۆری نەماوە، بۆیە بریاریاندا پشت بە ئەکتەرێکی دیکە ببەستن تاکو شوێنی بگرێتەوە، چەند سەرچاوەیەکی نزیك لە مالین رایانگەیاند کە ئەویش رەزامەندی خۆی دەربریوە بۆ گێڕانی ئەم رۆڵە و بڕوای بەخۆی هەیە کە تێیدا سەرکەوتوو دەبێت.

# قەڵەو بن تا جوان بن

کچە نمایشکاری جلوبەرگی ئەمریکی هایدی کلۆم داوای لەو ئافرەتانە کرد کە دەیانەوێ چرچ و لۆچی دەموچاویان نەمینێت و جوانتر دەرکەون، پێویستە کێشی لەشیان زیاد بکەن.
لەم بارەیەوە رۆژنامەی نیویۆرك دایلی نیوز رایگەیاند کە پزیشکانی پێست و شارەزایانی جوانکاری هەمان بیروبۆچوونی هایدییان هەیە و پێیانوایە بۆ ئەوەی ئافرەت جوانتر بێت، پێویست دەکات کێشی لەشی زۆر زیاد نەبێت، هەروەها پزیشکان دەڵێن ئەو کەسانەی رێژەی چەوری لە دەمووچاویان کەمە زۆر بە گەنجی دەرناکەون.
هەروەها هایدیش دەڵێ: لە ماوەی رابردوو هەست دەکەم دەموچاوم زیاتر بەرچاو و دیارە ئەمەش لەبەر ئەوەی کەمێك کێشم زیادی کردووە، بەڵام نامەوێ ئافرەتان زیاد لە پێویست قەڵەو بن و دواتر تووشی نەخۆشی جۆراوجۆر ببنەوە.






# زەهایمەری عادل ئیمام لە یەکەم رۆژی دزرا

دوای یەك رۆژ لە نمایشکردنی فیلمی (زەهایمەر)ی هونەرمەند عادل ئیمام لە شاشەکانی سینەما، ئەم فیلمە دزرا و لە ماڵپەرەکانی ئینتەرنێت بڵاوکرایەوە و لە ماوەی تەنیا 48 کاتژمێردا 120 هەزار جار داونلۆد کرا.
ئەوەی جێی سەرنجە ئەمجارەیان فیلمەکەی عادل ئیمام بە دیزاینێکی زۆر بەرز وێنەی گیراوە، بەجۆرێك زۆر لە دی ڤی دییەوە نزیکەوە و کامیرایەکی زۆر پێشکەوتوویان بەکارهێنا و لەسەریان نووسی near DVD .
هەروەها ئەوەی بەرپرسانی سینەمای نیگەران کردووە ئەوەیە کە فیلمەکە لە ماوەیەکی زۆر زوودا دزرا ئەمەش مەترسیدارە، چونکە پێشتر واباوبوو دوای چەند هەفتەیەك فیلمەکان دەدزران، بەڵام ئەمجارەیان هەر لە یەکەم رۆژییەوە دزران.

# هەروا لەق دەبی



## ئاشنا عەبدوڵڵا:

# ڕاگەیاندن خۆشەویستی خەڵکی پێ بەخشیوم



ماوەی نزیکەی ١٥ ساڵە ئاشنا عەبدوڵڵا لە ڕاگەیاندن کار دەکات، لە تەلەفزیۆنی کوردستان کەناڵی مەرکەزی و سەتەلایتی کوردستان و سەتەلایتی زاگرۆس و چەندین ئێزگە و ڕادیۆ، ئەمەش بۆ لێهاتوویی و توانای خۆی لەم بوارەدا دەگەڕێتەوە، بۆیە لای جەماوەر تا ڕادەیەکی زۆر ناسراوە، لە بەسەرکردنەوەیەکی کورتدا بەمشێوەیە بۆمان هاتە ئاخافتن و باسی لە ئەزموونی خۆی کرد.

ئا: کەرخی حەیدەر

**لە چەند شوێنێك پێم دەڵێن شووشە**

سەرەتا ئاشنا عەبدوڵڵا سەبارەت بە کاری ڕاگەیاندن و ئەو ئەزموونەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا لەم بوارەدا پەیدای کردووە دەڵێ: زیاتر لە 14 ساڵە لە بواری ڕاگەیاندندا بوونم هەیە، بە شێوازی جیا و لە شوێنی جیا جیا وەك بێژەری هەواڵ و پێشکەشکاری بەرنامە لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆکاندا کارم کردووە، لەو شوێنانەی کارم تێیدا کردووە لە هەندێکیان بە ئاشنا ناسراوم و لە هەندێکی دیکەش بە شووشە.

بۆیە دەتوانم بڵێم ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی گشتی بە کار و خزمەتێکی گەورە و پیرۆزی دەزانم و بەشێکی زۆری لە تەمەنی من داگیر کردووە، هەروەها دەمەوێ ئاماژە بەوەش بکەم کە ڕاگەیاندن بوو خۆشەویستی و ڕێزی خەڵکی پێ بەخشیوم و لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە ناسرام.

**دایکم هاندەرێکی سەرەکیم بووە**

هەر کارێك مرۆڤ ئەنجامی بدات نەخاسمە ئافرەتێك کە بیەوێ لەو کۆمەڵگەیەدا بوارێکی وەك ڕاگەیاندن هەڵبژێرێت، پێویستی بە پاڵپشتی و هاندان هەیە. جا لە هەر لایەکەوە بێت، لەم بارەیەوە ئاشنا دەڵێ: هاندەری سەرەکی و ڕاستەقینەم دایکم بوو، ئەو زیاتر هانی دام لەو بوارە بەردەوام بم، هەروەها ئەو بەڕێوەبەرانەی کارم لەگەڵیاندا کردووە، ئەوانیش بە هەمان شێوە هانیاندام.

ئاشنا هەروەها دەڵێ: کاری ڕاگەیاندن بە گشتی و بێژەری بەتایبەتی کارێکی وا ئاسان نییە هەر کەسێك بە ئارەزوی خۆی بیەوێ بتوانێت ئەم کارە بکات، چونکە کارێکی سەخت و هەستیار و بەرپرسیاریەتی تێدایە، ئەمە جگە لەوەی هەر کەسێك بیەوێ ئەم کارە بکات، پێویستە چەند خەسڵەتێکی تێدا بێت لەوانە: پێویستە باکگراوندێکی ڕۆشنبیری و سیاسی هەبێت، هەروەها خوێندنەوەی باش بێت و بتوانێت پەیامەکە وەك خۆی بگەیەنێتە بینەر و بیسەر.

هەروەها دەبێ درك بەوە بکات کە جیاوازی هەیە لەنێوان بێژەر و پێشکەشکاری بەرنامە، هەرچەندە من خۆم بە هەردووکیان دادەنێم، بەڵام زیاتر لە بێژەرییەوە نزیکترم.

**لاسایی کەس ناکەمەوە**

ئایا دوای ئەم هەموو ساڵە کار کردن لە ڕاگەیاندن ئاشنا خۆی بە سەرکەوتوو دادەنێت، لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێ: چۆن دەتوانم بڕیار لەسەر سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی خۆم بدەم، ئەم پرسیارە پێویستە ئاراستەی جەماوەر بکرێت بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنێك بۆ من و کارەکانم بکات و لایەنە بەهێز و لاوازەکانی من دیاری بکات، بێگومان ئەمەش لە ڕێگەی ڕاپرسییەکەوە دەکرێت.

سەبارەت بە لاسایی کردنەوەش دەڵێ: هەندێك کەس پێیانوایە من تەقلیدی بێژەرانی عەرەبی یان بیانی دەکەمەوە، ئەمەش ڕاست نییە، چونکە من تەقلیدی کەس ناکەمەوە تەنیا ئەوە نەبێت دەمەوێ ڕێچکەیەکی تایبەتی خۆم هەبێت لە کاری بێژەریدا.

**پێم باشە هەموو بێژەرەکان ئافرەت بن**

سەبارەت بە مەرجی جوانی و ڕێژە و ژمارەی بێژەرانی ئافرەت و پیاو لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا ئاشنا دەڵێ: ئەمە بۆ بڕیاری بەڕێوەبەری ئەو دەزگایانە دەگەڕێتەوە، خۆم پێم باشە هەموو بێژەرەکان ئافرەت بن بەتایبەتی لە تەلەفزیۆنەکاندا ئەمەش بۆ چوونی تایبەتی خۆمە، جوانیش مەرجی سەرەکی نییە بۆ سەرکەوتنی بێژەر، بەڵکو خوێندنەوەیەکی باش و چۆنیەتی تێگەیاندنی بینەر و بیسەر لە پەیامەکە ئەوەیان بەڕای منەوە گرنگە بۆ سەرکەوتنی.

**لە کۆتاییدا ئاشنا دەربارەی وەرزش وتی:**


زۆر بە کەمی وەرزش دەکەم، بەڵام سەیری تۆپی پێ دەکەم و هاندەری هەڵبژاردەکانی ئەمریکای باشوورم (بەرازیل و ئەرجەنتین) هەروەها زۆریش سەرسامم بە یاریزان لیۆنیل میسی.



www.gulan-media.com/art
بەرپرسی فایلی هونەری: خەلیل بلەیی: بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504494920 huneri@gulan-media.com

## هونەرمەند رزگار رەنجەڕۆ:

# گەورەیی عەدنان کەریم لەوەدایە کە لەناو شیعرەکەدا دەتوێتەوە



***هونەرمەند رزگار رەنجەڕۆ ناوێکی دیارە لەدنیای هونەری کوردیدا، کەم کەس هەیە گوێی لەگۆرانییەکانی نەگرتبێت، ئەو لەسەختترین کاتدا بەگۆرانی وتن هەڵوێستی خۆی نواندووە. تەمەنێکی پڕ لە خزمەت کردن بەهونەری کوردی ناونیشانی ئەزموونی هونەری هونەرمەند رزگار رەنجەڕۆیە. جگە لەکاری هونەری هەوڵیداوە وەك پسپۆڕێك لەبواری راگەیاندن و مامۆستای زانکۆ خزمەت بکات، بەنیازیشە لەداهاتوودا بڕوانامەی دکتۆرا بەدەست بهێنێت بۆ ئەوەی ببێتە یەکەمین هونەرمەندی کورد کە خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرا بێت.ماوەیەکی زۆرە بێدەنگە و لە هیچ دیمانەیەك بەدیار نەکەوتووە، ئێمەش بۆ زانینی نهێنی ئەو بێدەنگییە و باسکردنی ئێستای هونەری کوردی و هەڵدانەوەی چەند لاپەڕەیەکی گەش لەژیانی هونەری خۆیدا بەپێویستمان زانی دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام بدەین.***

***بەشێوەیەکی گشتی رات چییە دەربارەی ئێستای هونەری کوردی؟**

_لەئازادبوونی هەر میللەتێك زۆر شت بەرەو گۆڕان دەڕوات،بەرەو پێشکەوتن دەڕوات،هونەر ناسنامەی گەلە، بەتایبەتی گەلێکی چەوساوەی وەکو کورد کە تاکو ئێستاش نابێت وابیر بکەینەوە دوژمنەکانمان خەوتوون، چونکە خۆیان مەڵاس داوە بۆ ئەوەی پەلامارمان بدەن و ئەنفالمان بکەن.کە ئێستا ناتوانن ئەنفالمان بکەن، هەوڵ دەدەن هەندێك کەس لێرە و لەوێ ناسنامەکانمان بشێوێنن. تۆ سەیر بکە رژێمی بەعسی هەموو هێزێکی بەکارهێنا نەیتوانی ناسنامەی ئێمە بسڕێتەوە، بەڵام یەکێك دێت بەناوی پێشکەوتن و نوێخوازی و ستایلی نوی هەموو هونەرەکەت لێدەشێوێنێت. هەرچەندە گەلی کورد گەلێکی هۆشیار و زیندووە، زمان و کولتوورێکی زیندووی هەیە، وایکردووە ئەو بەرهەمانە چەند رۆژێك گوێی لێبگیرێت و دواتر نامێنێت، بەڵام ئەگەر لەمن بپرسن رای تۆ چییە؟ ئەوە شێواندنێکی زۆر ئاشکرای هونەری کوردییە. بەدەیان ئەو بەرهەمانەی لەتەلەفزیۆنە کوردییەکان دەیبینین هیچ پێوەندییان نییە بە هونەر و موزیکی کوردی، خەڵك ئەوەندە هۆشیارە ئێستا لەسەر سایتەکانی ئینتەرنێت گۆرانییە دزراوەکانیان ئاشکرا کردووە ئاوازە عەرەبییەکە یان تورکی یان فارسی هێناوە و بەراوردی کردووە لەگەڵ ئەو ئاوازانەی کە دەڵێن ئاوازی منە و لە تەلەفزیۆن پەخش دەکرێت، دەبینیت هەمان ئاوازە.

***هەندێك هونەرمەند گلەیی ئەوە دەکەن کە بۆچی هاوکاری ئەو کەسانە دەکرێن لەلایەن دەسەڵاتەوە؟**

_من گلەیی لە دەسەڵات ناکەم، کەسێك دێت هەموو شتێکی دەدەیە دەست، بەڵام

ئەو راستگۆ نییە دەسەڵات چی بکات، بەگشتی هونەرمەندانیش هەڵوێستیان نییە، دەبێت هەموو هونەرمەندان پرۆتستۆ نامەیەك بنووسن و ئیمزای بکەن و بیبەن بۆ دەسەڵات بڵێن ئەم ستایلە هیچ خزمەت بە هونەری کوردی ناکات. ئەمە پێشکەوتنی مۆسیقا نییە، بەڵکو درۆکردنە لەگەڵ هونەری کوردی. ئەمە پێی دەوترێت شێواندنی هونەری کوردی. ئەو وڵاتانەی خاکی ئێمەیان داگیر کردووە دەرگای ستۆدیۆکانیان بەڕووی ئێمەدا کردۆتەوە، ئەو موزیکژەنە بیانیانە بە فارسی یان تورکی کاری مۆسیقا ئەنجام دەدات منداڵێکی کورد بەکوردی گوێی لێنابێت، ئەو مۆسیقایە مۆرکی نەتەوەی موزیکژەنەکەی پێوە دیارە.

***وەك پسپۆڕێك لەبواری راگەیاندن و وەك هونەرمەندێك رات چییە دەربارەی رۆڵی راگەیاندنی کوردی لەبواری هونەردا؟**

_جێگەی خۆشحاڵیە کە راگەیاندنی کوردی بەرەو پێشەوە چووە، خۆشبەختانە ئێمە راگەیاندنی ئازادمان هەیە ئەمە بەمێژووی راگەیاندن دەژمێردرێت. بەڵام تاچەند رۆڵی خۆی بینیوە و راگەیاندنی راستەقینەیە ئەمە پرسیارەکەیە. بێگومان کەموکورتی زۆرە.

***پێتوایە تا چەند ساڵی تر راگەیاندن و هونەری کوردی دەگاتە ئاستی وڵاتە پێشکەوتووەکان؟**

_تەنیا هەنگاوێك بۆ بەرەو پێشچوونی گشت بوارەکان، پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیایە، پاراستنی ئەم کیانەی ئێستایە، هەستی نەتەوایەتی کاتی خۆی چەند بەرز بوو، دەبێت ئێستا دوو ئەوەندە بەرزتر بکرێتەوە. ئاستی زانست و خوێندن بایەخی پێبدرێت و هەوڵ بدرێت بۆ بەئەکادیمی کردنی سەرجەم بوارەکان. وەك ئەڵمانیای دوای جەنگی جیهانی دووەم کە بیست ساڵی نەخایاند هاتەوە سەر رێچکە و شارستانیەتی خۆی.

***بۆچی ماوەیەکە بێدەنگیت و بەرهەمت نییە؟**

_هونەر لەوڵاتی ئێمە هێشتا سەنگی وەك پێویست نییە، هەندێك بەرهەمی زۆر جوانم هەیە، گەیشتمە ئەو بڕیارەی زۆر زەحمەتە هونەرمەندێك 40 ساڵ لەناو هونەردا بێت بەماوەی شەو و رۆژێك بڵێت ناتوانم کاری هونەری پێشکەش بکەم. هەوڵ دەدەم ئەوەندەی پێم بکرێت بەهەر رێگەیەك بێت خزمەتی نەتەوەکەم بکەم.



***تا ئێستا چەند بەرهەمت هەیە؟**

_ دەزانم هەموو ژیانی خۆم بۆ خزمەتی هونەر و میللەتی خۆم تەخان کردووە. لە کۆڕەوەکە تەنیا من و هونەرمەندی گەورە عەدنان کەریم بەرهەممان پێشکەش کرد، ئەو (کۆچی کوردان) منیش (تاکەی کوردستان نەورۆزی ساڵ بێت)، لەکاتی هەڵەبجە و ئەنفال و کیمیاباران بەرهەمم پێشکەش کرد، لەکاتی بەیاننامەی یازدەی ئازار کە تەمەنم نۆ ساڵ بوو سروودێکم ئامادە کرد بۆ رادیۆی کوردی، بۆیە لای من گرنگ نییە




چەند بەرهەمم هەیە گرنگ ئەوەیە تاچەند خزمەتی هونەری کوردیم کردووە.

***بەبەراورد لەگەڵ ئەو کارە هونەریانە لەو کاتە سەختانەدا هەست ناکەی مافی تەواوی خۆت پێنەدراوە؟**

_نەخێر بۆ هەست بکەم مافم خوراوە.

***زۆر هونەرمەند گلەیی دەکەن دەڵێن مافمان خوراوە؟**

_ هەر کارێکی هونەریم کردبێت بۆ ویژدانی خۆم بووە و دواتر وەك پێشمەرگەیەك خزمەتی میللەتی خۆم کردووە. قەت چاوەڕوانی ئەوەم نەدەکرد پاداشت بکرێم و چاوەڕوانیش ناکەم. لەبەر ئەوەی تۆ کە شتێك دەکەی بۆ میللەتی خۆت نابێت چاوەڕوانی پاداشت بیت.

***زیاتر ئارەزووت لەکاری هونەرییە یان راگەیاندن یان بواری تر؟**

_زۆر حەزم لەشیعرە، هەندێك شیعری جوانم هەیە هیوای ئەوە دەخوازم رۆژێك لەرۆژان چاپیان بکەم. کە دیوانێکی شیعری دەبینم حەز دەکەم ئەوکاتە بیخوێنمەوە. من گەورەیی هونەرمەندێکی وەك عەدنان کەریم لەوەدا دەبینم کە لەناو شیعرەکەدا دەتوێتەوە. بۆیە ئاواز و هەست و سۆزی بەئاسانی دەردەبڕێت.

***پێتوانییە بە بەراورد لەگەڵ هونەرمەند عەدنان کەریم ئەو زیاتر بەرهەمی پێشکەش کردووە لەماوەی رابردوودا؟ هۆی ئەمە چییە؟**

_ زۆر هەوڵمدا، بەڵام هەستی نەتەوایەتی ئەوەندە کاریگەری هەبووە، پێموابوو هونەر بەس نییە بۆ ئەوەی خزمەتی نەتەوەکەمی پێبکەم. هەوڵمداوە لەڕێگەی جۆراوجۆر. لەماوەی ئەو سی ساڵەی لەدەرەوە بووم زیاتر لە بیست فیستیڤاڵی جیهانی بەشداریم کردووە. ساڵی 1988 لەگەورەترین فیستیڤاڵی جیهانی بەشداریم کرد.

***گوێ لە دەنگی کام هونەرمەند دەگریت؟**

_ کچە هونەرمەندی باکووری کوردستان ئاینور، عەدنان کەریم، بەهجەت یەحیا، سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی، مەقامەکانی مامۆستا تایەر تۆفیق، نازدار و فاتێ و زۆر هونەرمەندی تر. دەنگی زۆر بەسۆز هەیە ئەوەی هەستم بجوڵێنی گوێی لێدەگرم.

*زۆر باسی هونەرمەند عەدنان کەریم دەکەی پێدەچێت پێوەندی هاوڕێیەتی نێوانتان بەهێز بێت؟

_ کاك عەدنانم خۆشدەوێت، چونکە هونەرمەندێکی رۆشنبیر و خاوەن هەڵوێستە، رێز لەهەموو ئەوانە دەگرم کە رۆشنبیر و خاوەن هەڵوێستن.

***دوا وتەت چییە بۆ گەنجان؟**

_دەبێت هەموو گەنجەکان پشتگیری لە کاك نێچیرڤان بارزانی بکەن، گەنجێکی ئازا و چاونەترسە،دەبێت گەنجانی ئەمرۆ بەردەوام بن لەهەوڵدان و پشتگیری کاك نێچیرڤان بکەن بۆ خزمەتکردنی کوردستان.